# لاپەڕەیەکی نادیار لە مێژووی ئەدەبی کوردی

## ئاشکرادنەوەو لێکۆڵینەوەی

## ژیان و بەرهەمی کۆمەڵێک ئافرەتی شاعیری کوردی

ئامیق هەورامی

٣-٢

---

لە پاژی یەکەمی ئەم نووسینەدا توانیمان لە ژیان و بەرهەمی کۆمەڵێک خانمی شاعیری گومناوی کورد بدوێین و لە گۆڤاری کاروان ژمارە (١٧٠)دا بڵاوی بکەینەوە

هەوڵ دەدەم لەم بەشەدا پەنجەرە بەرووی ژیان و بەرهەمی کۆمەڵێکی تر لەو خانمە شاعیرانە والا بکەم.

### ڕێحان خانمی لوڕستانی

ئەم خانمە تەنها ئەوەندە لەسەر ژیانی هەیە کە لەسەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە لوڕستان لە دایک بووەو لە تەمەنی لاویدا چووەتە لای (شاخوەشین) بۆ فێربوون و هەرزو بووەتە یەکێک لە لایەنگرانی (شاخوەشین - ٤٠٦ تا ٤٦٧ی کۆچی) و پاشماوەی ژیانی وەک زاهیدێک بەرێنوێنی خەڵک و خواپەرستی بەسەر بردووە.

ڕێحان خانم ئەستێرەیەکی دیاری سەردەمی فەرمانڕەوایی (عەییاری)یەکان بووە کە ئەم بنەماڵەیە لە ساڵی ٣٨٠ تا ٥١٠ی کۆچی حوکمڕانی ناوچەکانی شارەزوور و دینەوەرو کرمانشان و لوڕستانیان کردووە و لە قۆناغی فەرمانڕەوایەتی ئەواندا گەلێک بایەخ بەهونەرو وێژەو فەرهەنگی کوردی دراوە. لە ڕێحان خانمەوە چەندین دێرە شیعری بەرزو پاراو ماونەتەوە ئەمەش نیشانەی شارەزایی ئەو خانمە لە ئەدەب و زمان و هونەرەکانی شیعردا، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم خانمە ئەمور ژنێکی لێهاتوو بووەو بەدەم ئەوای تەمبوورەوە شیعرەکانی خۆی لە جەم و بۆنە ئاینییەکاندا خوێندووەتەوە.

ئەمەش نموونەی هەندێک لە شیعرەکانیەتی:

ئاو ڕوی ماتیان، ئاو ڕوی ماتیان
بارگەی شام وستەن ئاو ڕوی ماتیان
ئاو ڕۆنیشتە بێم ئەکۆشک کیان
دیم ئاوی ئاوڕۆ گەوارا وەگیان

واتە/ بارگەی شاو سەروەرەکەم لە (ماتیان) هەڵیداوە (ڕوباری (ماتیان) یان (مادیان) لە نێوان (کۆ دەشت) و (مەلاوی خورەم ئاوا) دایەو لای پەیڕەوانی ئەهلی هەق پیرۆزە ئەم ڕووبارە) ئەو ڕۆژە لە سەر کۆشکی ڕەوان و گیاندا دانیشتبووم و ڕووبارەکە کەوتە ئاڤە ئاف و بارەڕهێنان بەشاخوەشین.

یان دەڵێت:

بینایی ڕدا، بینایی ڕدا
تۆف ڕوی ماتیان بینایی ڕدا
موروو ئەخری خێز ئەسمانی ڕدا
ئاگادار ئەراز نیهانی ڕدا

واتە: ئەی کاکە ڕدا (مەبەستی کاکە ڕدای لوڕستانییە کە یەکەمین کەسە باوەڕی بە شاخوەشین هێناو بانگەشەی بۆکرد تا خەڵکی لە دەوری کۆبێنەوە) تۆ ئاڤە ئاف و هەڵچوونی ڕوباری مادیانیت ئەو ڕوبارەی لەگەڵ هەڵدانی بارگەی شاخوەشیندا تۆ خۆشایت و گەواو بڕوات پێ

هێنا. تۆ باڵندەی بەیانی ئاسمانی شاخۆشینی و ئاگات لە گشت رازو نیازێک هەیە.

لە جێگایەکی تردا دەڵێت:

**جە باڵا تایی، جە باڵا تایی**
**ئاما سوارێ جەباڵا تایی**
**خەتایی خوەشین، خوەشین خەتایی**
**تێغش مەورۆنە گاوتامایی**

واتە/ لە بارەگای باڵاوە سوارێک هاتە سەر زەوی شمشێرێکی بەدەستەوەیە بۆ وەلاتانی (گاو ماسی) کە ئەویش شاخوەشینە.

شاعیر دەیەوێت مژدانەی ئەوە بدات کە شاخوەشین هاتووە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بەرەو راستە رێی حەقیقەت و عەقلانیەت بیبات و لە چەواشە کاری و خورافە لایان بدات، وەک ئەوەی دەڵێن جیهان لەسەر کلکی گایەک وەستاوەو گاکەش لەسەر ماسیەکە و تا دوایی... بەدەیان نموونەی تر لەو شیعرانەی ئەو خاتوونە لەبەر دەستان و ئەگەر بوار رەخسا لەدوو توێی کتێبێکدا لەگەڵ دەستە خوشکە شاعیرەکانی تریدا بڵاویان دەکەمەوە.

## فاتمە لورەی گۆران

یەکێک لە ئەویندارانی بابا تاهیری هەمەدانی و دەروێشێکی عاشق بووە، عەشقێک پڕاو پڕ لە مەجاز، تا دواتخویەکانی عاشق بوون و سووتاوی ئەوینی دڵ.

فاتمە لورەی گۆران لەهەمەدان لەدایک بووەو هاوژیانی بابا تاهیرە لەسەدەی پێنجەمی کۆچیدا وەک لە کتێبی دەورەی شاخوەشین دا ئاماژەی بۆ کراوە.

فاتمە لەسەرەتای لاویەوە وەک دەروێشێکی خواناس دەچێتە لای بابا تاهیر بۆ فێربوونی زانست و گەیشتن بەحەقیقەت، بەڵام هەرزوو ئەوینی دڵ زاڵ دەبێت بەسەریداو بڕیار دەدات بۆ ناوێک لای ئەو پیاوە چۆڵ نەکات، بەڵام ئەم رازە لای خودی بابا تاهیریش نادرکێنێ تا جارێکیان شاخوەشین دێتە هەمەدان و دەچێتە جەمخانەکەی باباتاهیرو لەوێدا خانم گرێی دڵی خۆی بۆ شاخوەشین دەکاتەوەو ئەویش مژدەی دەداتێ تا رۆژی پەسڵان پێکەوە دەبن.

لە فاتمە لورەوە کۆمەڵێک دێرە شیعری ناسک بەرچاو دەکەوێت کە زۆرتر هەوای عەشقیان تێدایەو کەمتر سۆفی گەرایی.

**گیان پەرێ چێشەن، گیان پەرێ چێشەن**
**هەرکەس تۆ دارۆ گیان پەرێ چێشەن**
**وەنامت سەوگەند دەروون پڕ نێشەن**
**بێ تۆ گیان و زێڵ هەمیشە رێشەن**

واتە: سەروەرم گیانم بۆ چیە، هەرکەس تۆی هەبێت گیانی ناوێت بەناوی پیرۆزت سوێند دەخۆم کە دەروونم پڕ لە ژانە بەبێ تۆ هەمیشە گیان و سۆزی دڵ پڕ لە ئازارو زامەدەن.

ئەمە سۆزی عاشقێکە بەرابەرەکەی دەڵێت گیانم ناوێت، گیان بۆچی باشە، راستە من زیندوم بەڵام سۆزی عەشق کوشتومی ئەگەر تۆ کارێکم بۆ بکەی بگەمە عاشقەکەم دوبارە گیانم وەبەر دێتەوە.

لە جێگەیەکی تردا دەڵێت من (پەیڕەوی یاریم) واتە پەیڕەو و شوێنکەوتەی یارسانم و شاخوەشین لە ئازاری دڵ رزگاری کردم.

**رازداری یاریم، رازداری یاریم**
**وەفەرمانی شا رازداری یاریم**
**شاهم بەزەیش ئاما وەزاریم**
**رازکەرد وەدەرمان دەردەکەی کاریم**

واتە/ من رازدارو پەیڕەوی یاریم بەفەرمانی شاخۆشین و ئەویش بەزەیی بەناڵەو گریاندا هات و دەردی کاریی دەرمان کرد. دەکرێ بەمانایەکی گشتگیر بگوترێت کە شاعیر لەم شیعرەی دووەمیدا پاش حاسڵ بوونی مرازەکانی سوپاس گوزاری شاکەی دەکات کەهێندە رازگرو بەندەیەکی راست بووە بەکوڵ لە بارەی عەشق و ئێشی دڵ پاڕاوەتەوەو ئەویش بەزەیی بەوگریان و زاری ئەو شەیدا دوچار دڵ سوتاوەدا هاتەوەو ئەوەی لە ناخیدا بوو بۆی جێبەجێ کرد. ئەگەر بەوردی لەم دوو نموونە شیعرەی بڵاوکرانەوە بڕوانین دەگەینە ئەو راستیە ئەم خانمە شەیدایەکی کەمەندکێش کراوی عەشقی رێبازەکەی و باباتاهیر بووەو لە نێوان دوو عەشقی بەرامبەردا لەگەڵ سوتان و ئازارو گریاندا رووبەڕوو بووەتەوە.

## دایە خەزانی سەرگەتی

خەزان کچی ئەحمەد سەرگەتیە، لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی لە گوندی سەرگەتی هەورامان دیوی

کوردستانی عێراق لەنزیک شاری هەڵەبجە لە دایک بووە، لە سەرەتای تەمەنیدا دەبێت ئەحمەدی باوکی کۆچی دوایی دەکات و بەتەنها دایکی خەریکی پەروەردەکردنی دەبێت، بەڵام هەژاری نایەڵێت ئەو پرۆسەی پەروەردەکەن و بژێویە درێژە بکێشێت، دایکیشی بڕیار دەدات شوبکاتە پیاوێکی تر بۆ ئەوەی بتوانێت کچەکەی بەباشترین شێوە بژیەنێت.

خەزان لەسەر دەستی دایکی فێری خوێندن و نوسین بووەو دواتر لەلایەن زۆرێک لە زاناکانی ئەو سەردەمەدا خوێندویەتی و دواتر بووەتە ژنێکی پارێزکار لەسەر ڕێبازی یاری.

لە سەرەتای ژیانیدا لەگەڵ (بابا ناوسی سەرگەتی)دا لە ڕکەبەرایەتیدا بووەو لە هەندێک لە شیعرەکانیدا بانگەشەی کوشتنی باباناوسی کردووە وەک ئەوەی لەم شیعرەدا دەڵێت:

**شێرۆ کریا جەور، شێرۆکریا جەور**
**ئەدەست بلە مەردوم کریا جەور**
**دادمان ڕەما ئەدەست ئی گەور**
**دەستی وەش ئافات دنداتش هزەور**

واتە/ شێرەکوڕان زوڵم و زۆرمان لێدەکرێت لەلایەن (بلە)وە(مەبەستی بابا ناوسی سەرگەتیە کە ناوی ئیراهیمە) جەورو ستەمان لێدەکرێت وەرن بگەنە هانامان وەک شێر هەڵمەت بیەن و لەدەست ئەو گاورە ڕزگارمان بکەن و لەناوی بیەن.

ئەم هۆنراوەیە کاتێک لەلایەن خەزانی شاعیرەوە نوسراوە کە دایە خەزان لەبەرەی بیری عەرەبی تازە گەشتوو بەناوچەکە دابووەو باباناوسی سەرگەتیش یەکێک بووە لە ڕابەرانی ئاینی یاری.

کاتێک خەزان تێدەگات لە دروستی پەیامەکەی باباناوس زیاتر کاراکردنی بنەماکان و گونجانی زیاتری لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا بڕیار دەدات سەر بسپێرێتە ناوس و ببێتە یەکێک لە یارو شوێن کەوتووانی ڕێبازی یاری و بەهۆی قاڵبوونەوەی لە زانستەکانی ئەو ڕێبازە دەگاتە پلەی (دایە) کە یەکێکە لە پایەکانی ئاینی یارسان.

لە پاش سەرسپاردنەکەی دایەخەزان لەم شیعرەدا دەڵێت:

**تیری وەت کەفتز دەم و دگانا**
**مەردەت زیندەکەردجە گۆڕستانا**
**یارت گڵەردان جەوەر ئاواتا**
**چای خەردایوەن هەنش نیشانا**

واتە: تۆ تیرێکیت هەبووە کە تیری باوەڕی ڕەسەنە. ئەو تیرە چەقیە دڵمەوە من مردبوم تۆ لە گۆڕستانا زیندوت کردمەوە منت لە لافاوی ڕوباراندا گل دایەوە، تۆ نوێنگەی خوایت و منت ئازاد کرد. دایە خەزان تا دوا ساتەکانی تەمەنی لە برەوپێدانی ئەم ئاینەدا بەسەر بردووەو لە کۆتایی سەدەی پێنجەمدا کۆچی دوایی کردووە و لە تەنیشت باباناوسی سەرگەتیەوە نێژراوە.

## دایراکی ڕەزبار

دایراک کچی حەسەن بەگە، ساڵی ٦٧٠ی کۆچی لە دایک بووە لە شاری حەلوان. هەر لە منداڵیەوە باوکی مامۆستای تایبەتی بۆ گرتووەو پاشان لای مەلایان خوێندویەتی، دایراک یەکێکە لە ئافرەتە هونەرمەندە خەت خۆشەکان. دایراک لەگەڵ زیاتر فێربوندا زیاتر خەریکی خوێندنەوەی کتێبە کوردیەکان بووە وەک دیوانی شاعیران و کەشکۆڵەکان.

ئەم ئافرەتە کەسێکی پارێزکارو خواناس بووە، لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا شوی کردووەتە شێخ عیسای بەرزنجەیی دایکی سان سەهاکی بەرزنجیە کە نوێکەرەوەی ڕێ و ڕچەی یاریە، ڕەزبار جگە لە هونەری خۆش نوسی و شیعردا جێ پەنجەی دیار بووە لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایەکی دڵسۆز بووە لەوانە گوتنەوەو چەندین کچی فێری ئەمورەڵێدان کردووەو، دواجار ساڵی ٧٤٥ی کۆچی لە دێی شێخان کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێش بەخاک سپێردراوە.

لە دایکی ڕەزبارەوە کۆمەڵێک شیعر بەجێ ماوە لێرەدا هەندێکیان بڵاو دەکەینەوە.

**بی وەفرەی دڵ، بی وەفرەی دڵ**
**ئازیز ئەمر تۆی بی وەفرەی دڵ**
**هەرچی فەرماوان قەبوڵەن قەبوڵ**
**وەیادم مەیۆ وشیانم مەشغوڵ**
**مەدەی شاهیدی ئەز وەبێ مەشکوڵ**
**ئەلەوح یاقوت ئاتەش کامڵ**

**هەفتەوان جەنور شاهباز عادڵ**
**پەی شەرط مێردان تۆکەرد وەحاصڵ**
**دوهەم مەیلت کەرد ئازیز وەمێهەت**
**جە پەردیوەردا نیانت صوحبەت**
**ئاوەردی وەدی پەی دەستگیری شەرت**
**هەفتەوان دەستگیر ئەدارۆ شۆبهەت**
**هەفتاو دووصەف یارسەردان ئەرای گیان**
**جەوکار زینان مێردان دیوان**
**گردین غولامان بێوەن بێوەنان**
**رووماڵان ئەو شەرط سکەی هەفتەوان**
**هەر جەکۆی ئەزەڵ تا ئامان وەیگا**
**ذات هەفت مەظهەر ئگینەن چێگا**
**هەر جەئەو دوما بکەرۆ خەطەر**
**پلاوئۆ ئیقرار شەرط پردیوەر**
**بشانۆ هەنگام ئوختەی زیاد ئەر**
**بەشش مەووران جە حەوض کەوثەر**

واتە/ ئازیزم پەیامی تۆیە بویە هێزی دڵی یاران و هەرچی ئەفەرمووی پەسەندەو شایەتی دەدەم کە تۆ لەو رۆژەوەی حەوتەوانەت بەدی هێناوە پەڵێنت لێوەرگرتوون کە رێنوێنی خەڵک بکەن بۆ چاکەو دادپەروەری و دەستی خەڵکی بگرن بۆ رێگای راست، حەوتەوانەت لە قاڵبی مرۆڤدا نیشانداو پەردیوەرت کردە جێگەی باس و راوێژ.

دەبێت حەفتاو دوپیر گیانیان دەبێت لە پێناو راستیدا بەخت بکەن، خەڵک سەریان پێ بسپێرێت و هەرکەس لە قەولی ئەوان لا بدات لە ئاوی کەوسەر بێ بەری دەبێت.

هەندێک لە پایە گرنگەکانی یارسان لەم شیعرەدا باس کراون لەوانەش هەفتەوانەیان حەوتەوانە و حەفتاودو پیرو سەرسپاردن و پیردیوەر کە هەریەک لەمانە ماناو پێناسی تایبەتی خۆی هەیە.

### حەبیبەی شارەزووری

حەبیبە کچی شێخ سەدرئەلدینی شارەزوورییەو ساڵی ٦٨١ی کۆچی لە شارەزوور لە دایک بووە، بەپێی یاداشتی قرندی، حەبیبە لەلاوییەتیدا لای باوکی فێری خوێندن بووەو پاشان لای مەلاکانی شارەزوور رێزمانی عەرەبی و ئەدەبی فارسی خوێندووەو پاشان لەگەڵ براکەیدا چووەتە (حەلوان) لەوێدا بۆ ماوەی دوو ساڵی فیقهی ئیسلامی خوێندووەو پاش دووساڵ کە گەڕاوەتەوە زێدی خۆی، دەبینێت باوکی کۆچی دوایی کردووە و ئەویش رووەو هەورامان رێگەی گرتووەتە بەرو دواجار لە گوندی (شێخان) گیرساوەتەوەو چاوی بە (سان سەهاکی بەرزنجی) کەوتووەو رێ و رچەی ئاینەکەی وەرگرتووەو هەر لەوێ وەک زاهیدێکی ئەو ئاینە خەریکی رێ نوێنی خەڵکی بووەو لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا لە ساڵی ٧٤٩ی کۆچی ماڵئاوایی لە ژیان خواستووە و لە شێخان بەخاک سپێردراوە.

لە حەبیبەی شارەزوورییەوە گەلێک شیعری ئاسکی سۆفیگەرانە لەبەر دەستان لێرەدا نموونەیان بلاودەکەینەوە.

**ئازیز بنیاما، ئازیز بنیاما**
**ئازیز شەرطمان چەنی بنیاما**
**هاپیرو شەرطی جەگردین جاما**
**سکەی باشلغمان بەنیام واما**

* * *

**بەدەریا وەستەن، بەدەریا وەستەن**
**بارگەی بنیاممان بەدەریا وەستەن**
**پوورت گلێمە کۆڵ چەکەشتی رەستەن**
**ها بنیامینا جەکۆی غەم مەستەن**

* * *

**ئاراممان نیا، ئاراممان نیا**
**ئازیز بێ بنیام ئاراممان نیا**
**پەی ئادی شادی بەهەشتی بیا**
**ئازەو ئاخوغمان مەکەرەجیا**

**

**هاجە کەشتیدا، هاجەکەشتیدا**
**پوورت رەهزبار هاجە کەشتیدا**
**صەراقاچەنی خەڵک و رەشتی دا**
**عەلەمدارو چەرخ چەو زەشتیدا**

واتە: ئەی رابەرە ئازیزەکەم، هەر لە رۆژی ئەوەڵەوە لەگەڵ بنیامیندا پەیمانمان بەستووە، ئەو پیرو رابەری ئێمەیەو هەر بەویش سەر ئەسپێرین.

بارگەی رابەرەکەم لە دەریادایەو لە کەشتیدا ژیان بەسەر دەبات لە شێوەی گلێم بەکۆڵ داو کەلێوسی بەکۆڵەوەیە و لە کێوی پەژاردا مەست بووە.

ئەی رابەرە خۆ ئەویستەکەم، بەبێ بنیامین ئارامان نییەو ئەو بۆ ئێمە شادی و خۆشییە و رەمزبارش ئاڵا هەڵگری ئەم چەرخەیە لە کەشتی ژیاندا.